# یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە شێوەزاری گەرمیاندا

**د. ئومێد برزان برزو**

**زانکۆی گەرمیان/فاکەڵتی پەروەردە ـ بەشی زمانی کوردی**

## ناونیشانی توێژینەوەکە:

ناونیشانی توێژینەوەکە بۆ (**یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە شێوەزاری گەرمیاندا**) تەرخانکراوە. دیارە هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە:

١- بە شێوەیەکی کەم لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتە لە شێوەزاری گەرمیاندا کراوە. ئاشکرایە، کە شێوەزاری گەرمیانی یەکێکە لە شێوەزارەکانی زاری ناوەڕاست، بەڵام لە هەمو شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی پتر گۆڕانی بە سەردا هاتوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆرتری ڕادەی لەباری هۆیە دەرەکییەکانی گۆڕانی زمان[١].

٢- بە مەبەستی خستنەڕوی دیاردەی گۆڕانی دەنگەکانو یاسا دەنگییەکان لەم شێوەزارەدا. چونکە زمانو ئاستەکانی زمان بەردەوام لە گۆڕانو گەشەکردندایە. بە تایبەتی ئاستی فۆنەتیكو فۆنۆلۆجی زیاتر لە ئاستەکانی تری زمان دەگۆڕێو زۆرتریش هەستی پێدەکرێ[٢].

٣- مۆرفۆنۆلۆجی لە سێ بەش پێکهاتوە[٣]:

ا- زانستی دروستەی فۆنۆلۆجیی مۆرفیمەکان.

ب- زانستی گۆڕانە دەنگییە هاوتاکان کە مۆرفیمەکان لە ئەنجامی لێکدانیاندا توشی دەبن.

پ- زانستی زنجیرەی گۆڕانە دەنگییەکان کە ئەرکی مۆرفۆلۆجی دەگێڕن.

واتە زاراوەی گۆڕانە وشەسازییە فۆنۆلۆجییەکان (مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان) بەو گۆڕانە دەنگیانە دەوترێت، کە بە سەر دروستە وشەسازییەکاندا دێت[٤]. بەمەش تێکچڕژانو پەیوەندیی هاوبەش لە نێوان زانستی وشەسازیو فۆنۆلۆجیدا دەنوێنێت[٥]. بۆیە نواندنو خستنەڕوی یاسا فۆنۆلۆجییەکان تەنها پەیوەندییو تێکچڕژانی هەردو ئاستی فۆنۆلۆجیو مۆرفۆلۆجی (مۆرفۆفۆنۆلۆجی) ناگرێتەوە، بەڵکو پەیوەستە بە ئاستەکانی فەرهەنگسازیو وشەسازیو ڕستەسازییەوە، چونکە گۆڕانی دەنگەکان لە فەرهەنگی وشەکان لە نێوان زارەکان یان شێوەزارەکانی زمانێکدا دروستدەبن، هەروەهاش لە ئەنجامی لێکدانی مۆرفیمە سەربەخۆو وشەداڕێژەکان لە ئاستی وشەسازی بە مەبەستی داڕشتنو لێکدان، یان ڕیزکردنو خستنەتەکیەکی مۆرفیمە سەربەخۆو وشەگۆڕەکان لە ئاستی سینتاکسدا ئەم گۆڕانە دەنگییانە دروستدەبن.

## گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە کۆمەڵێك ئەنجامی نوێی لەبارەی دیاردەی گۆڕانی دەنگەکان لە شێوەزاری گەرمیاندا خستوەتەڕو.

## سنوری توێژینەوەکە :

سنوری توێژینەوەکە لە ئاستی فۆنۆلۆجیدایە، چونکە یاسای گۆڕانی دەنگەکان بە یاسا فۆنۆلۆجییەکان ناودەبرێن، گۆڕانی ئەم دەنگانەش پەیوەستن بە ئاستەکانی فەرهەنگسازیو وشەسازیو ڕستەسازییەوە.

## ڕێبازو کەرەستەی توێژینەوەکە :

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی پەسنیی شیکاری پەیڕەوکراوە. کەرەستەو نمونەی ناو باسەکەش لە زمانی ئاخاوتنی ئێستای خەڵکی شێوەزارەکەوە (ناوچەکانی کفریو کەلارو دەوربەریان) وەرگیراون.

## سەرەتا :

زمان بونەوەریکی زیندوەو هەمیشە لە گەشەو گۆڕاندایە. بۆیە هەمو زمانەکان بە بەردەوامی دەگۆڕێن: دەنگەکان، ڕستەو واتا[٦]. هیچ گۆڕانکارییەکیش لەناکاو ڕونادات، بەڵکو بە هێواشی ڕودەدات[٧]. تەنانەت لە زمانی کوردیشدا کورتبونەوەو گۆڕانی زمان زۆر بەزەقی هەستی پێدەکرێ، چونکە زمانی کوردی لەمێژ نییە، کە دەستی بە نوسین کردوەو زمانێکی ستاندەری سەراپای نییە[٨]. ئەم گۆڕانەش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی ترو تەنانەت لە ناو زمانێکیشدا لە زارێکەوە بۆ زارێکی تر یان لە شێوەزارێکەوە بۆ شێوەزارێکی تر جیاوازی هەیە، کە هەمو دانەو کەرەستە زمانییەکان لە هەمو ئاستەکانی زماندا دەگرێتەوە، بەمەش دەتوانرێت کەرەستەکانی ئەو زمانە یان زارەکانی زمانێك یان شێوەزارەکانی زارێك بەراوردبکرێن، تا بزانرێت تا چەند گۆڕانیان بە سەردا هاتوە، چونکە ئەم گۆڕانانە فاکتەرێکی سەرەکی چەندێتیو چۆنێتی تێکچڕژانو تێکەڵبونو پەیوەندیی نێوان ئاستەکانی زمان دەستنیشاندەکات، بۆ نمونە زۆرجار لە نێوان دو زار یان دو شێوەزاردا بەکارهێنانو بەراوردکردنی وشە فەرهەنگییەکان یان داڕشتنو لێکدانی مۆرفیمەکان یان ڕیزکردنو خستنەپاڵیەکی مۆرفیمەکان دەبێتە هۆی دروستبونی جیاوازی دەنگیو چەندین دیاردەی گۆڕانی دەنگەکان، کە بەمەش پەیوەندیی ئاستی فۆنۆلۆجی بە ئاستەکانی فەرهەنگسازیو وشەسازیو ڕستەسازییەوە دەبەستێتەوە. چونکە ئەگەر گوێ بە جۆری گۆڕانی وشەکانو جۆری داڕشتنی ڕستەکانو بەکارهێنانیان لە ڕوی زمانەوە نەدرێت، ئەوا بەراوردکردنو بەرامبەریکردنی وشەکانو نێوە کەسییەکان بە تەواوی لەناودەچنو ئەهمیەتی زانستیانەیان نامێنێت[٩].

فۆنۆلۆجیش دووەم لقی سەرەکیی زانستی دەنگسازییە، کە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی دەنگی زمانی لە دروستەی ناوەوەدا دەدات، چ لە ڕوی پەیوەندی بە دەنگەکانی ترەوە ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە واتا یان ئەرکی دەنگ لە دەستنیشانکردنی واتادا[١٠]. تەنانەت ئاستی فۆنۆلۆجیی کوردیش هەر لە سەرەتاوە مایەی گرنگی پێدانی زمانەوانە کوردەکان بووەو توانیویانە بە سەرکەوتویی زۆربەی فۆنیمەکانو یاسا فۆنۆلۆجییەکان دیاری بکەنو لە بڕگەی کوردی بکۆڵنەوە[١١]. بەمەش زمانی کوردی کۆمەڵێك یاسای تایبەت بە خۆی بۆ ڕێکخستنو ڕیزکردنی فۆنیمەکانی لە سنوری بڕگەی فۆنۆلۆجیدا هەیە، ئەویش:

١- فۆنیمەکانی لە دەنگەکانییەوە دەستنیشاندەکات.

٢- لەناو قاڵبی بڕگەی فۆنەتیکدا، ئەم فۆنیمانە لێکدەدات بۆ پێکهێنانی بڕگەی فۆنۆلۆجی.

٣- لە ئەنجامی لێکدانی فۆنیمەکان، دەنگ هەیە دەگۆڕێ، هەیە دەتوێتەوە، هەیە تازە پەیدادەبێ،...هتد[١٢] .

بەم شێوەیە ئەو یاسایانەی فۆنیمەکانی زمان دەستنیشاندەکەن‌و لەناو قاڵبی بڕگەی فۆنەتیکی لێکیان دەدەن بۆ پێکهێنانی بڕگەی فۆنۆلۆجی‌و هۆی لێکچون یان پەیدابون یان تێچون یان ..... هەندێك دەنگ پیشاندەدەن، بە یاسا دەنگییەکان (فۆنۆلۆجییەکان) ناودەبرێن. گۆڕانی دەنگەکانیش لە شێوەزاری گەرمیاندا بووەتە هۆی دروستبونی کۆمەڵێك دیاردەو یاسای دەنگی، کە ئەمانەن:

**١- <u>لێکچونی دەنگ</u>:**

لەم پرۆسەیەدا دەنگێك دەگۆڕێت، بۆ ئەوەی زۆرتر لە دەنگێکی دراوسێی خۆی بچێت. واتە بریتییە لە کاریگەریی دەنگێك لەسەر دەربڕینی دەنگێکی تر، بۆ ئەوەی دەنگەکان زیاتر وەك یەکیان لێبێت یان چونیەك بن[١٣] .

**دو جۆر لێکچونی دەنگ هەیە:**

**١- <u>لێکچونی تەواو</u>:**

لەم جۆرە لێکچونەدا دەنگێك لە دەنگێکی تر نزیك دەبێتەوە بە هۆی کارتێکردنی یەکێکیان لە سەر ئەوی تریان، بە جۆرێك هەردو دەنگەکە بە تەواوی وەك یەکیان لێدێت[١٤]. لێکچونی تەواویش لە ڕوی ئاراستەکردنەوە بە سەر دو جۆردا دابەشکراوە:

١- **لێکچونی ڕاستەوخۆ** (progressive).

٢- **لێکچونی پێچەوانە** (Regressive).

**١- لێکچونی ڕاستەوخۆ:** ئەو لێکچونەیە، کە دەنگێك کاردەکاتە سەر دەنگێکی پاش خۆی[١٥]. واتە کارتێکردنی دەنگی پێشەوە بۆ سەر دەنگی دواوە[١٦]. بۆ نمونە:

لەگەڵت دێم > وەلت تێم

مەحمود > مەحموو

مەولود > مەولوو

**٢- لێکچونی پێچەوانە:** ئەو لێکچونەیە، کە دەنگێك کاردەکاتە سەر دەنگێکی پێش خۆی[١٧]. واتە کارتێکردنی دەنگی دواوە بۆ سەر دەنگی پێشەوە[١٨]. بۆ نمونە:

کردتەوە > کرتتۆ (کرتۆ)

بردتەوە > برتتۆ (برتۆ)

هێناتەوە > هاورتتۆ (هاورتۆ)

بردتان > برتتان (برتان)

کردتان > کرتتان (کرتان) [١٩]

سابون > ساووین

**ب- <u>لێکچونی ناتەواو</u>:**

لەم گۆڕانەدا بەشێك واتە سیفەتێك لە دەنگەکە دەگۆڕێت، بۆ ئەوەی جۆرە گونجانێك لەگەڵ دەنگێکی تردا پەیدابکات، بە تایبەتی لەگەڵ دەنگە کارتێکردوەکەدا، واتە گۆڕانەکە هەمو سیفەتی دەنگەکە ناگرێتەوە، بەڵکو تەنیا لە سیفەتێکدا لەگەڵ دەنگە کارتێکردوەکەدا یەکدەگرنەوە، بۆ ئەوەی دو دەنگە جیاوازەکە لەیەکتر نزیك ببنەوە، بە تایبەتی لە سیفەتی قەڵەوی یان گڕی یان کپی...هتد[٢٠]. واتە لەم دیاردەیەدا تەنها لەیەك ڕووەوە گۆڕان بە سەر سیفەتی دەنگەکەدا دێت، ئەویش لە سیفەتی کپی یان گڕی یان قەڵەوی یان لێوخڕبونەوە یان سازگە....، کە لێرەدا باسیان دەکەین:

**یەکەم/ لێکچون لە ڕوی کپییەوە:**

لەم جۆرە لێکچونەدا دەنگێکی گڕ دەگۆڕێت بۆ دەنگێکی کپ[٢١]. بۆ نمونە:

١- /ز/ بۆ /س/:

گەڵێ جار دەنگی /ز/ کە گڕە لە بەردەم دەنگی کپدا وەك /س/ گۆدەکرێت، بۆ نمونە:

نازك > ناسك

بەرزتر > بەرستر

٢- /ژ/ بۆ /ش/:

دەنگی /ژ/ گڕە، کاتێ لە پێش دەنگی /ت/ی کپەوە دێت، بە/ش/ی کپ دەردەبڕدرێت، بۆ نمونە:

ڕۆژتان باش > ڕۆشتان باش

تیژتر > تێشتر

ڕژان > ڕشیان

٣- /ب/ بۆ /پ/:

بسکیت > پسکێت

**دووەم/ لێکچون لە ڕوی گڕییەوە:**

لەم جۆرە لێکچونەدا دەنگێکی کپ دەگۆڕێت بۆ دەنگێکی گڕ[٢٢]. بۆ نمونە:

١- /س/ بۆ /ز/:

سلّق > زلّق

سۆپا > زۆپە

تەسبیح > تەزبیح

دەستگیران > دەزویران

٢- /ك/ بۆ /گ/:

چناكە > چناگە

جاجك > جاجگ

٣- /پ/ بۆ /ب/:

پاقلە > باقلە

پاتری > باتری

پەتاتە > بەتاتە

پاقلاوە > باقلەوا

٤- /ش/ بۆ /ژ/:

مەلاّشو > مەلاّژگ

مەشغولّ > مەژغولّ

٥- /ف/ بۆ /ڤ/:

حەفت + دە > حەڤدە

٦- /غ/ بۆ /خ/:

مەغسەلە > مەخسەلە

**سێیەم/ لێکچون لە ڕوی قەڵەوییەوە:**

ئەو دەنگانەی سیفەتی قەڵەوییان لەگەڵدا نییە، لە ئاکامی کارتێکردنی دەنگەکانی دەوروبەر درکاندنیان دەگۆڕێتو سیمای قەڵەوی وەردەگرن[٢٣]. واتە گۆڕانی دەنگی سوك بە قەڵەو بە مەبەستی گونجان لەگەڵ دەنگێکی تردا لە سیفەتی قەڵەوییدا[٢٤]. بۆ نمونە:

١- /ل/ بۆ /ڵ/:

کەمال > کەماڵ

جەمال > جەماڵ

خالد > خاڵد

زەلاتە > زەڵاتە

٢- /ر/ بۆ /ڕ/:

بۆری > بۆڕی

موبەریدە > موبەڕیدە

**چوارەم/ لێکچون لە ڕوی سازگەوە:**

بریتییە لە گۆڕانی سازگەی دەنگێك، بۆ ئەوەی لە سازگەی دەنگێکی تر نزیك بێتەوە، یان بە مەبەستی گونجانی سازگەی دو دەنگی دراوسێ[٢٥]. واتە سازگەی دەنگی کارتێکراو دەگۆڕێت، بۆ ئەوەی وەکو سازگەی درکاندنی دەنگی کارتێکردوی لێبێت، یان لێی نزیك بێتەوە. بەو واتایە هاوبەشی لێکچون لە نێوان دەنگی کارتێکراوو دەنگی کارتێکردودا لە ڕوی سازگەوەیە[٢٦]. بۆ نمونە:

بەرانبەر > بەرامبەر

جانباز > جامباز

**٢- تێچونی دەنگ:**

ئەم زاراوەیە لە زانستی فۆنەتیكو فۆنۆلۆجیدا بەکاردەهێنرێت، کە ئاماژە بۆ تێچونو فرێدانی دەنگەکان لە ئاخاوتندا دەکات، ڕەنگە دەنگە ڤاوڵەکان یان کۆنسونانتەکان فرێ بدرێن، ڕەنگە هەندێك جاریش هەمو بڕگەکە فرێ بدرێت[٢٧]. تێچونی دەنگ لە سێ باردا دەبینرێت:

**ا- تێچونی کۆنسونانت. ب- تێچونی ڤاوڵ. پ- تێچونی بڕگەیەك (کۆنسونانتو ڤاوڵ پێکەوە).**

**ا- تێچونی کۆنسونانت:**

١- فۆنیمی /د/:

ا- تێچونی فۆنیمی /د/ لە ناوەڕاستو کۆتایی وشەدا بەرچاودەکەوێت، بۆ نمونە:

توند > تن/تون

سوێند > سوێن

مەیدان > مەیان

سەید مەحمود > سەی مەحموو

دەربەندیخان > دەروەنیخان

دڕاندن > دڕانن

زامدار > زامار

لەگەڵماندا > وەلمانا

بە ئاسماندا > وە عاسمانا

لە زستاندا > لە زمسانا

ب- هەروەها زۆرجار فۆنیمی /د/ دەفرتێنرێت، بەهۆی کارتێکردنی ئەو دەنگەی کە بە دوایدا دێت، بە تایبەتی بکەوێتە پێش فۆنیمی /ت/ یان /ك/وە، بۆ نمونە:

زیاد + تر > زیاتر

زیاد + كردن > زیاكردن

پ- هەروەها لەم شێوەزارەیشدا تێچونی فۆنیمی /د/ لە دەربڕین‌و نوسینی ژمارەكانیشدا بەدیدەكرێت، بۆ نمونە:

یەك + دە = یازدە > یانزە

دو + دە = دوازدە > دوانزە

سێ + دە = سیازدە > سیانزە

پێنج + دە = پازدە > پانزە

شەش + دە = شازدە > شانزە

٢- فۆنیمی /ت/:

ا- بەزۆری لە كۆتایی وشەدا تێدەچێت، بۆ نمونە:

ڕاست > ڕاس

وەستا > وەسا

پێست > پێس

دەست > دەس

ماست > ماس

مەبەست > مەبەس

دەربەست > دەروەس

مەقەست > مەقەس

ئێستا > ئیسە

زستان > زمسان

خێوەت > خێمە

كۆست > كۆس

خەست > خەس

پێویست > پێویس

ناوەڕاست > ناوەڕاس

هەڵوێست > هەڵوێس

ب- ئەو وشانەی كە دەبنە بەشی یەكەمی وشەی لێكدراوو كۆتاییان بە فۆنیمی /ت/ هاتوە، لە زۆر باردا تێدەچێت، بۆ نمونە:

دەست + کەفت > دەسکەفت

حەوت + سەد > حەوسەت

دەست + هاڕ > دەساڕ

دەست + گا > دەسگا

سەر+ تا + پا > سەراپا

پ- جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك (یت)و کەسی سێیەمی تاك (ێت/ات)، لەم جێناوانەدا زۆرجار فۆنیمی /ت/ تێدەچێت، بۆ نمونە:

دەچێت > ئەچێ

دەخۆیت > ئەخۆی

دەچیت > ئەچی

دەخوات > ئەخوا

٣- فۆنیمی /ب/:

ا- لە هەندێ وشەدا تێدەچێت، بۆ نمونە:

تەمبەڵ > تەمەڵ

پێغەمبەر > پێغەمەر

ب- نیشانەی /ب/ لە پێکهاتنی کرداری فەرمانو ئیلیزمدا بەشداری دەکات، هەندێ جار ئەو /ب/یە تێدەچێتو قوت دەدرێ، بۆ نمونە:

هەڕابکە > هەڕاکە

دابنیشە > دانیشە

پیشانم بدەن > نیشانم دەن

ڕێم بدە > ڕێم دە

بوبێت > بوییێت

نەبووە > نەوویە

٤- فۆنیمی /هـ/:

ا- کاتێ /هـ/ دەکەوێتە سەرەتایی وشەوەو بەدوای دەنگی /و/ یان /ۆ/دا دێت، تێدەچێ، بۆ نمونە:

هوڕ > وڕ

هۆشیار > وشیار

ب- کاتێ /هـ/ دەکەوێتە سەرەتای بەشی دووەمی وشەی نادادە زۆرجار دەقرتێ، بۆ نمونە:

خۆرهەتاو > خۆرەتاو

ڕۆژهەڵات > ڕۆژەڵات

هەڵهاتن > هەڵاتن

دەستهاڕ > دەساڕ

پ- ڕەگی چاوگی (هاتن) لە دروستەی کرداری فەرماندا، بۆ نمونە:

بـ + هێ + ە/ن > بێ/بێن

٥- فۆنیمی /ك/:

ا- لە ئەنجامی لێکدانی دو وشە، فۆنیمی /ك/ تێدەچێت، بۆ نمونە:

پاککردن > پاکردن

ب- لە کۆتایی نیشانەی نەناسراوی (ێك)دا، بۆ نمونە:

ڕۆژێك > ڕۆژێ

پیاوێك > پیاوێ

پ- کاتێ سەرەی فرێزی ناوی لە پێشەوە بە بریناوی (کاك) فراواندەکرێت، ئەوا فۆنیمی /ك/ی کۆتایی تێدەچێ، بۆ نمونە:

کاك محەمەد > کا محەمەد

کاك حەسەن > کا حەسەن

ت- لە کردەی بانگردندا، فۆنیمی /ك/ تێدەچێت، بۆ نمونە:

دایکە > دایە

باوکە > باوە

٦- فۆنیمی /گ/:

ڕەنگ > ڕەن

برژانگ > برژان

مەنگ > مەن

چنگ > چن

بازنگ > بازن

پڵنگ > پڵن

هەنگوین > هەنوین

ڕەنگاوڕەنگ > ڕەناو ڕەن

بانگکردن > بانکردن

بانگدان > باندان

٧- فۆنیمی /ئـ/:

ا- فۆنیمی /ئـ/ لە هەندێ وشەدا تێدەچێت، بە تایبەتی لە زۆربەی وشە عەرەبییەکاندا بەرچاودەکەوێت، بۆ نمونە:

لە ئێرە > لەیرە

دائیم > دایم

دائیرە > دایرە

مەسئەلە > مەسەلە

ب- لە هەمو وشەیەکی لێکدراودا، کە بەشی دووەمی بە /ئـ/ دەست پێبکات، بۆ نمونە:

کوڵ + ئاو > کولاو

ماست + ئاو > ماساو

زەرد + ئاو > زەرداو

نیسك + ئاو > نیسکاو

بەفر + ئاو > بەفراو

٨- فۆنیمی /ر/:

ا- لە هەندێ وشەدا فۆنیمی /ر/ تێدەچێت، بۆ نمونە:

شەرواڵ > شەواڵ

ب- ڕەگی ئەو کردارانەی بە دەنگی (ڕ) یان (ر) کۆتاییان هاتوە، کاتێ دەکرێن بە کرداری بکەرنادیار، ئەوا نیشانەی نادیاری /ر/ تێدەچێت، بۆ نمونە:

(گۆڕین) گۆڕ + ر + یا > گۆڕیا

(هاڕین) هاڕ + ر + یا > هاڕیا

(بڕین) بڕ + ر + یا > بڕیا

(هاوردن) هاور + ر + یا > هاوریا

(گرتن) گیر + ر + یا > گیریا

## ب- تێچونی ڤاوڵ:

١- فۆنیمی /ە/:

ا- لە هەندێ وشەدا، بۆ نمونە:

عەرزە > عەرز

کەنار > کنار

جەنازە > جنازە

ب- ئەو وشانەی کە بە /ە/ کۆتاییان هاتوە، کاتێ پاشگری /اندن/یان دەخرێتە سەر، ئەو /ە/یە تێدەچێت، بۆ نمونە:

قیرە + اندن > قیرانن

قیژە + اندن > قیژانن

پ- ئەو وشانەی بە بزوێنی /ە ، ا ، ۆ ، ێ/ کۆتاییان هاتوە، کاتێ نیشانەی ناسراوی /ەکە/یان دەخرێتە سەر، ئەو /ە/یە تێدەچێت، بۆ نمونە:

شویشە + ەکە > شویشەکە

مامۆسا + ەکە > مامۆساکە

چەقۆ + ەکە > چەقۆکە

هەرمێ + ەکە > هەرمێکە

هەروەها ئەم وشانە دەتوانن نیشانەی کۆش /ان/ وەربگرن، لەم بارەشدا فۆنیمی /ە/ی کۆتایی /ەکە/ تێدەچێت، بۆ نمونە:

شویشە + ەکە + ان > شویشەکان

مامۆسا + ەکە + ان > مامۆساکان

چەقۆ + ەکە + ان > چەقۆکان

هەرمێ + ەکە + ان > هەرمێکان

ت- ئەو وشانەی کۆتاییان بەبزوێنی /ۆ ، ا ، ە ، ێ/ هاتوەو لەگەڵ ئامرازی نیشانەی (ئەم.....ە)و (ئەو.....ە)دا بەکاردێن، ئەوا فۆنیمی /ە/ لەناودەچێ، بۆ نمونە:

ئەم + چەقۆ + ە > ئەم چەقۆ

ئەو + مامۆسا + ە > ئەو مامۆسا

ئەم + شویشە + ە > ئەم شویشە

ئەو + هەرمێ + ە > ئەو هەرمێ

ج- ئەو پێشناوانەی کە لەگەڵ ئەو جۆرە کردارانە دەردەکەوێ، کە چەمکی گوێزانەوە دەگەیەنن، وەك (چوین بۆ ، ناردن بۆ ، دان بە ، ......هتد)، دەشێ پێشناوەکە بە جێگرەپێشناوی (ە) جێگیربکرێ، بۆ نمونە:

چویم بۆ هەولێر > چویمە هەولێر

دام وە ئازاد > دامە ئازاد

هاوردیان بۆ ئەیرە > هاوردیانە ئەیرە

بەلاّم کاتێ کردارەکە خرایە ئێستای تەواو، ئەوا جێگرەپێشناوی (ە) تێدەچێت، بۆ نمونە:

ئێمە هاوردمانە بۆ ئەیرە

↓

ە

ئێمە هاوردمانە ئەیرە

ئەوان دایانە وە ئازاد

↓

ە

ئەوان دایانە ئازاد

چ- ئەو کردارە داڕێژراوانەی کە بە پاشگری دووبارەکردنەوەی (ۆ) کۆتاییان هاتوە، بخرێتە کاتی ئێستای تەواو، ئەوا نیشانەی ڕابردوی تەواو (ە) تێدەچێت، بۆ نمونە:

خواردمە + ۆ > خواردمۆ

هاوردمانە + ۆ > هاوردمانۆ

چوییە + ۆ > چوییۆ

ح- تێچونی جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاک (ە) لە دروستەی کرداری فەرماندا لە ڕەگی ئەو چاوگانەی کە کۆتاییان بە پیتی بزوێن هاتوە، بۆ نمونە:

بـ + هێ + ە > بێ

بـ + بە + ە > بوە

بـ + کە + ە > بکە

بـ + چۆ + ە > بچۆ

٢- فۆنیمی /ێ/:

کاتێ پاشگری (اندن) دەچێتە سەر هەندێ کرداری تێنەپەڕو دەیکاتە تێپەڕ، ئەوا بزوێنی /ێ/ تێدەچێت، بۆ نمونە:

(شکیان) شکێ + اندن > شکانن

(سوتیان) سوتێ + اندن > سوتانن

(ڕشیان) ڕشێ + اندن > ڕشانن

**٣- فۆنیمی /ی/:**

**سیقه > سقه**

**جیهان > جهان**

**شیعر > شعر**

**٤- فۆنیمی /و/:**

**نوێژ > نێژ**

**توند > تن**

**دونیا > دنیا**

**مونافەسە > منافەسە**

**کەلوپەل > کەلپەل**

**پ- تێچونی بڕگە (کۆنسونانتو ڤاوڵ پێکەوە):**

**بڕگەی /ئە/ لەم شێوەزارەدا لە دو باردا تێدەچێت، ئەوانیش:**

**ا- بەشێکی زۆری ئەو وشانەی بە /ئە/ دەست پێدەکەن، بۆ نمونە:**

**ئەسپێ > سپێ**

**ئەبرۆ > برۆ**

**ئەژنەفتن > ژنەفتن**

**ب- کاتێ پێشناوی /لە ، بە/ لەگەڵ جێناوی سەربەخۆی کەسی سێیەمی تاكو کۆ (ئەو/ئەم ، ئەوان/ئەمان)دا فرێزی بەند دروستدەکەن، ئەو /ئە/ لەناودەچێت، بۆ نمونە:**

**وە ئەو > وەو**

**وە ئەمە > وەمە**

**وە ئەوان > وەوان**

## ٣- پەیدابونی دەنگ:

**یەکێ لە یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی پەیدابونی دەنگێکی نوێیە لە نێوان دو دەنگدا. واتە دەنگێکی زیادە لە نێوان دو دەنگی تردا پەیدادەبێت[٢٨]. دەنگە پەیدابووەکەش ڤاوڵ یان کۆنسونانت دەبێت[٢٩]. بۆیە هەندێك جار مۆرفیم بەپێی ژینگەی دەوروبەری لە شێوەی فۆنیمدا دەردەکەوێتو هەمان ئەرکی مۆرفیمەکە دەبینێ، بەمەش دەوترێ مۆرفۆفۆنیم[٣٠]. چونکە دەستنیشانکردنی قاڵبە جیاوازەکانی هەمان مۆرفیم کە لە ئەنجامی کارتێکردنی بیئەی فۆنۆلۆجیی جیاوازەوە سەرهەڵئەدەن، ئەمە پەیوەندیی مۆرفۆلۆجی بە**

فۆنۆلۆجییەوە ئەخاتەڕو و یاساکانی بە مۆرفۆفۆنیمیکی ناوئەبرێن[٣١]. ئەم پرۆسەیەش لە هەردو گۆڕانی مێژوییو ئاخاوتنی ئاسایی ڕۆژانەدا باوە[٣٢]. ئەو فۆنیمانەی کە لە نێوان دو فۆنیمدا پەیدادەبن، ئەمانەن:

١- / و ـ W/:

ا- ئەو وشانەی بە بزوێنی /و/ کۆتاییان هاتوەو یەکێك لە نیشانەکانی (ان)ی کۆ یان (ەکە)ی ناسراوی بخرێتە سەر، ئەوا /و ـW/ی نیمچەبزوێن لە نێوانیاندا پەیدادەبێت، بۆ نمونە:

پەمو + و + ەکە > پەمووەکە

پەمو + و + ان > پەمووان

ب- ئەو وشانەی بە بزوێنی /و/ کۆتاییان هاتوە، کە دەبنە تەواوکەری کرداری ناتەواو بۆ کاتی ئێستا، ئەوا /و ـW/ی نیمچەبزوێن لە نێوانیاندا پەیدادەبێت، بۆ نمونە:

ئەوە + پەمو + و + ە > ئەوە پەمووە

ئەمە + پەمو + و + ە > ئەمە پەمووە

پ- ئەو وشانەی کۆتاییان بە بزوێنی /و/ هاتوەو لەگەڵ ئامرازی نیشانەی (ئەم.....ە)و (ئەو.....ە)دا بەکاردێن، ئەوا /و ـW/ی نیمچەبزوێن لە نێوانیاندا پەیدادەبێت، بۆ نمونە:

ئەو + پەمو + و + ە > ئەو پەمووە

ئەم + پەمو + و + ە > ئەم پەمووە

٢- /ی ـ y/:

ا- ئەو وشانەی کۆتاییان بە بزوێنی /ی/ هاتوەو لەگەڵ ئامرازی نیشانەی (ئەم ..... ە)و (ئەو ...... ە)دا بەکاردێن، ئەوا فۆنیمی /ی ـ y/ی نیمچەبزوێن پەیدادەبێت، بۆ نمونە:

ئەم + خانی + ە > ئەم خانییە

ئەو + ماسی + ە > ئەو ماسییە

ب- ئەو وشانەی کۆتاییان بە بزوێن هاتوەو دەبنە تەواوکەری کرداری ناتەواو بۆ کاتی ئێستا، ئەوا /ی ـ y/ی نیمچەبزوێن لە نێوانیاندا پەیدادەبێت، بۆ نمونە:

ئازاد + مامۆستا + یـ + ە > ئازاد مامۆستایە

زانا + ئازا + یـ + ە > زانا ئازایە

ئەوە + کێ + یـ + ە > ئەوە کێیە؟

ئەوە + چی + یـ + ە > ئەوە چییە؟

پ- لە کاتی لکاندنی پاشگری /ۆ/ بە کرداری ڕابردووەوە، کە بە بزوێن کۆتایی هاتبێت، ئەوا /ی ـ y/ی نیمچەبزوێن لەنێوان هەردو بزوێنەکەدا پەیدادەبێت، بۆ نمونە:

شکیا + یـ + ۆ > شکیایۆ

نویسی + یـ + ۆ > نویسییۆ

کە + ر + یا + یـ + ۆ > کرایۆ

ت- لە کاتی لکاندنی پاشگری (ەم) یان (ەمین) بەو ژمارانەی کۆتاییان بە یەکێك لەم ڤاوڵانە /ێ ، ۆ ، ە/ هاتوە، نیمچەبزوێنی /ی/ لە نێوان هەردو ڤاوڵەکەدا پەیدادەبێت، بۆ نمونە:

نۆ + یـ + ەم/ەمین > نۆیەم/ نۆیەمین

دە + یـ + ەم/ەمین > دەیەم/دەیەمین

سێ + یـ + ەم/ەمین > سێیەم/سێیەمین

٣- / ڕ /:

لەگەڵ کرداری (دان، گەیشتن، کردن، چوین، هاتن، .......هتد) ئەو ناوە یان جێناوە سەربەخۆییەی لەدوای پێشناوی (وە) دەردەکەوێ، بە جێناوی لکاوی دەربڕا، پێشناوی (وە) دەبێتە پاشناوێکی فەرمانیو ڤاڵبی (ێ) دەگرێتەخۆی، بۆ نمونە:




لێرەدا دو بزوێنی (ە)و (ێ) کەوتنە پاڵ یەك، فۆنیمی /ڕ/ لە نێوانیاندا دەردەکەوێ.

هەروەها لە کردارە دارێژراوەکانی کە بە مۆرفیمی دوبارەکردنەوەی (ۆ)ی وەك (کردنۆ، خواردنۆ، چوینۆ، بردنۆ، ....هتد) کۆتاییان هاتوە، لە کرداری فەرمانی کەسی دووەمی تاکدا کە دو بزوێن دەکەونە پاڵ یەك (ڕ) لەنێوان دو بزوێنەکەدا دەردەکەوێ، بۆ نمونە:

ڤاپێکە بکە + ۆ > بکەڕۆ

ئەو ئاوە بخۆ + ۆ > بخۆڕۆ

بچۆ + ۆ > بچۆڕۆ

مناڵەکە بوە + ۆ > بوەڕۆ

٤- / ز /:

دەرکەوتنی ئەم فۆنیمی تەنها لە بەشێکی ژمارەکاندا دەبینرێ. بۆ نمونە:

دو + ده > دوانزه

سێ + ده > سيانزه

نۆ + ده > نۆزده

٥- /ن/:

زۆرجار بەهۆی تێچونی فۆنیمی /د/ لەم ژمارانەدا، بووە بەهۆی قورسی دەربڕینیان، بۆیە قسەکەر بۆ سوککردنی ئەو نالەبارییە، ناچاربووە فۆنیمی /ن/ بێنێتە ناوەوە[٣٣]. بۆ نمونە:

يازده > يانزه

دوازده > دوانزه

سيازده > سيانزه

پازده > پانزه

شازده > شانزه

## ٤- دەنگەگۆڕکێ:

لەم گۆڕانەدا دەنگێکی وشەیەك لە قسەی هەندێ کەسدا دەگۆڕێ بە دەنگێکی تر لە قسەی خەڵکی تردا، بێ ئەوەی ئەم گۆڕانە ببێتە هۆی گۆڕانی واتای وشەکە، بە واتایەکی تر هەمان وشە لە دو فۆڕم یان زیاتردا دەبینرێ بە هەمان واتا، دیسانەوە هەندێ جار دو فۆرمی وشەکە لە یەك زاردا هەن، جاری واش هەیە، هەر فۆرمێك لە زارێکی تایبەتیدا بەکاردێ[٣٤].

ئەم دیاردەیەش لە زمانی کوردیدا یەکجار بەربڵاوەو لەم شێوانەی خوارەوەدا دەبینرێت:

**یەکەم/ کۆنسونانت بۆ کۆنسونانت:**

١-/د/ بۆ /ت/:

زۆرجار لە کۆتایی وشەدا بارێکی قورسە، کە دەنگێکی گڕ هەبێت، بۆیە دەنگەکە کپ دەردەبڕدرێتو یارمەتی خوێندنەوەی دەدات[٣٥]. بۆ نمونە:

کرد > کرت

دێت > تێت

٢- /د/ بۆ /و/:

قەد > قەو

بەد > بەو

بەدبەخت > بەوبەخت

ئەسعەد > ئەسعەو

ئەحمەد > ئەحمەو

زیادە > زیاوە

٣- /د/ بۆ /گ/:

ددان > دگان

٤- /د/ بۆ /ج/:

دزدان > جزدان

٥- /و/ بۆ /ف/:

سێو > سێف

چەوت > چەفت

جوت > جفت

حەوت > حەفت

نەوت > نەفت

مزگەوت > مزگەفت

خەوتن > خەفتن

کەوتن > کەفتن

٦- /و/ بۆ /ڤ/:

کەوگیر > کەڤگیر

٧- /و/ بۆ /م/:

نیو > نیم

هەتیو > هەتیم

نیوەڕۆ > نیمەڕۆ

داوێن > دامێن

جوێن > جمان

خێوەت > خێمە

٨- /و/ بۆ /ر/:

ناسیار > ناسیاو

٩- /و/ بۆ /ی/:

ماوە > مایە

سوتاو > سوتیای

برژاو > برشیای

١٠- /و/ بۆ /گ/:

مەلاشو > مەلاژگ

١١- /ب/ بۆ /و/:

قەساب > قەساو

قوربان > قوروان

خەبەر > خەوەر

سابون > ساووین

نەبو > نەووی

بیبەر > بیوەر

دەربەند > دەروەن

دابەزین > داوەزین

فێڵباز > فێڵواز

سەبەتە > سەوەتە

بیبە > بیوە

سێبەر > سێوەر

قەبر > قەور

بەکار > وەکار

ئازەب > عازەو

لایبە > لایوە

دەبارێت > ئەوارێت

نابێت > ناوێت

نەبات > نەوات

دەبەسترێ > ئەوەسرێ

١٢- /پ/ بۆ /و/:

خراپ > خراو

١٣- /پ/ بۆ /ت/:

زیپکە > زیتکە

١٤- /پ/ بۆ /ب/:

پاتری > باتری

پاقله > باقله

١٥- /پ/ بۆ /ف/:

سپڵه > سفڵه

تڵپ > سڵف

شەپقە > شەفقە

١٦- /پ/ بۆ /ك/:

چڵپاو > چڵكاو

١٧- /ت/ بۆ /س/:

تڵپ > سڵف

١٨- /ئـ/ بۆ /ه/:

ئەسپ > هەسپ

ئەڵبەتە > هەڵبەتە

ئەژدیها > هەژدیها

ئاسان > هاسان

ئەستێرە > هەستێرە

١٩- /ئـ/ بۆ /ح/:

ئەڵقە > حەڵقە

٢٠- /ئـ/ بۆ /ع/:

ئیش > عیش

ئاسمان > عاسمان

ئەرز > عەرز

قورئان > قورعان

ئازەب > عازەو

ئاقڵ > عاقڵ

ئەقڵ > عەقڵ

ئەشق > عەشق

٢١- /ك/ بۆ /ع/:

کاتێ < عانێ

٢٢- /ك/ بۆ /خ/:

پێکەنین < پێخەنین

دکتۆر < دختۆر

کۆکە < کۆخە

٢٣- /ك/ بۆ /ق/:

کوێخا < قوێخا

بریسکە < بریقە

دارلاستیك < دارلاسیق

٢٤- /ك/ بۆ /گ/:

چناکە < چناگە

جاجك < جاجگ

٢٥- /گ/ بۆ /ی ـy/:

قوڕگ < قوڕی

بێگانە < بێیانە

ئاگر < ئایر

٢٦- /گ/ بۆ /و ـw/:

دەستگیران < دەزویران

٢٧- /غ/ بۆ /خ/:

بناغە < بناخە

غونچە < خونچە

غەم < خەم

٢٨- /خ/ بۆ /ق/:

مەتبەخ < مەتبەق

ئازوخە < ئازوقە

دۆزەخ < دۆزەق

ساخ < ساق

٢٩- /ع/ بۆ /خ/:

مەشعەل > مەشغەڵ

٣٠- /م/ بۆ /و/:

زمان > زوان

سمێڵ > سوێڵ

٣١- /ل/ بۆ /ڵ/:

کەمال > کەماڵ

جەمال > جەماڵ

خالد > خاڵد

زەلاتە > زەڵاتە

٣٢- /ل/ بۆ /ڕ/:

کتلی > کتڕی

٣٣- /ز/ بۆ /س/:

نازك > ناسك

دەزگا > دەسگا

مزگەر > مسگەر

بەرزتر > بەرستر

٣٤- /س/ بۆ /ز/:

سڵق > زڵق

سك > زگ

٣٥- /س/ بۆ /ج/:

ئەوسا > ئەوجا

٣٦- /س/ بۆ /ت/:

سەلاجە > تەلاجە

٣٧- /ش/ بۆ /چ/:

شت > چت

٣٨- /ح/ بۆ /ه/:

حەق > هەق

حەدیقە > هەدیقە

٣٩- /ه/ بۆ /ح/:

هەفتە > حەفتە

هێل > حێل

جەهەنم > جەحەنم

٤٠- /ح/ بۆ /ع/:

سوحبەت > سوعبەت

٤١- /ژ/ بۆ /ش/:

کوژراو > کوشیای

برژاو > برشیای

ڕژان > ڕشیان

٤٢- /ژ/ بۆ /ز/:

ژەهر > زەهر

سوژن > سویزن

٤٣- /ژ/ بۆ /ج/:

ئەژداد > ئەجداد

ویژدان > ویجدان

٤٤- /ق/ بۆ /خ/:

تاقم > تاخم

وەقت > وەخت

شقارتە > شخارتە

٤٥- /ق/ بۆ /ک/:

قۆڵنج > کۆڵنج

حەقایەت > حەکایەت

٤٦- /ر/ بۆ /ڕ/:

موبەریدە > موبەڕیدە

بۆری > بۆڕی

٤٧- /ڵ/ بۆ /ن/:

قرژاڵ > قرژان

**دووەم/ ڤاوڵ بۆ ڤاوڵ:**

**١- /ێ/ بۆ /ا/:**

**پێ > پا**

**مێ > ما**

**تۆپێن > تۆپان**

**جوێن > جمان**

**٢- /ێ/ بۆ /ە/:**

**شێلم > شەلەم**

**گێزەر > گەزەر**

**کەرێ > کەرە**

**دوێنێ > دوێکە**

**پێچە > پەچە**

**٣- /ێ/ بۆ /ی/:**

**ئێستا > ئیسە**

**لەئێرە > لەیرە**

**چاوپاڵێ > چاوپاڵی**

**٤- /ا/ بۆ /ە/:**

**جادە > جەعدە**

**سارد > سەرد**

**ئێستا > ئیسە**

**سۆپا > زۆپە**

**پیالا > پیالە**

**پانکە > پەنکە**

**تانکی > تەنکی**

**٥- /و/ بۆ /ی/:**

**مردو > مردی**

**تینو > تینی**

**خانو > خانی**

**کەرو > کەڕی**

**رۆژو < رۆژی**

**گەیو < گەیی**

**ماندو < ماندی**

**مورو < میری**

**قوتو < قوتی**

**ئوتو < ئوتی**

**٦- /و/ بۆ /وی/:**

**کوپ < کویپ**

**شوشە < شویشە**

**مو < موی**

**شو < شوی**

**ڕو < ڕوی**

**گو < گوی**

**تو < توی**

**توك < تویك**

**ئاڵتون < ئاڵتوین**

**توڕە < تویڕە**

**کولەکە < کویلەکە**

**قوڵ < قویڵ**

**چون < چوین**

**بچوك < بویچك**

**توتن < تویتن**

**بون < بوین**

**سور < سویر**

**سوك < سویك**

**لوت < لویت**

**تورەکە < تویرەکە**

**سنور < سنویر**

٧- /ە/ بۆ /ا/:

سیسەرك > سیسارك

٨- /ە/ بۆ /ی/:

ئەمڕۆ > ئیمڕۆ

ئەمساڵ > ئیمساڵ

ئەمجا > ئیمجا

سەوزە > سەوزی

٩- /ە/ بۆ /ێ/:

خەنجەر > خەنجێر

وەستان > وێسیان

١٠- /i/ بۆ /ە/:

شەکر > شەکەر

شێلم > شەلەم

١١- /ۆ/ بۆ /و/:

تۆ > تو

١٢- /و/ بۆ /ۆ/:

خوشك > خۆشك

شوشتن > شۆردن

١٣- /وێ/ بۆ /ۆ/:

شوێن > شۆن

ناخوێن > ناخۆن

کوێر > کۆر

١٤- /ی/ بۆ /ێ/:

میوان > مێوان

بسکیت > پسکێت

گیسك > گێسك

بیجامە > بێجامە

دیوەخان > دێوەخان

تیژ < تێش

پەنیر < پەنێر

میز < مێز

گوریس < گورێس

**٥- <u>تەبایی دەنگ</u>:**

**دو دەنگ دەچنە سەر یەك بە تایبەتی لە کۆتایی وشەداو دەنگێکی جیاواز دەهێننە کایەوە، کە ناچێتەوە سەر هیچ کامیان[٣٦]. واتە دو فۆنیمی جیاواز لە ئەنجامی لێکدانی مۆرفیمەکاندا ئاوێتەدەبن‌و فۆنیمێکی نوێ دروستدەکەن، بەم شێوانە:**

**١- /ی/+/ە/ دەبێتە /ێ/:**

**لەم بارەدا هەردو ڤاوڵی /ی/ی کۆتایی ناوەکەو /ە/ی سەرەتایی نیشانەی ناسراوی دەکەونە تەنیشت یەکتر، بەوەش هەردو ڤاوڵەکە دەگۆڕێن بە ڤاوڵێکی تر، واتە ڤاوڵێکی نوێ /ێ/ دروستدەکەن، بۆ نمونە:**

وازی + ەکە < وازێکە

قاپی + ەکە < قاپێکە

ڕێوی + ەکە < ڕێوێکە

شامی + ەکە < شامێکە

ماسی + ەکە < ماسێکە

**٢- /و/+/ە/ دەبێتە /ۆ/:**

**هەروەها هەردو ڤاوڵی /و/ی کۆتایی ناوەکەو /ە/ی سەرەتایی نیشانەی ناسراوی دەکەونە تەنیشت یەکتر، بەوەش ڤاوڵی /ۆ/ دروستدەکەن، بۆ نمونە:**

پەمو + ەکە < پەمۆکە

**٦- <u>جێگۆڕکێی دەنگ</u>:**

**دەنگەکان شوێنی خۆیان لە وشەدا دەگۆڕنەوەو هەریەکەیان شوێنی ئەوی تریان دەگرێتەوە، بەمەش پێش‌و پاش دەکەون[٣٧]. لە زمانی کوردیشدا دو دەنگ یان دو بڕگە جێگاکانیان دەگۆڕنەوە، هەندێ جار وشەکە بە هەردو شێوەکەی لە یەك زاردا دەبینرێن، هەندێ جاریش هەر شێوەیەك لە زارێکدا دەردەکەوێ‌و بەکاردێ[٣٨].**

**پەیدابونی دیاردەی جێگۆڕکێ بۆ دو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە:**

**یەکەم// بەهۆی بونی جیاوازی زارەوە[٣٩]. ئەمەش لە ئاخاوتنی زارو شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا دەبینرێت، بۆ نمونە:**

| شێوەزاری سلێمانی | شێوەزاری گەرمیان |
|---|---|
| ئاسایش | ئاشایس |
| پاقلاوە | باقلەوا |
| خەڵوز | زوخاڵ |
| ملوانکە | ملوێنك |
| قازانج | قانجاز |
| تەنیا | تەینا |
| جەرگ | جگەر |
| قالۆنچە | قۆلانچە |
| بچوك | بویچك |
| ڕوبەڕو | ڕویەوڕوی |

دووەم// بەهۆی بەکارهێنانی وشەو زاراوە بیانییە خوازراوەکانەوە، کە هاتونەتە نێو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە دروستدەبن، بە تایبەتی ئەو وشانەی کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون، بۆ نمونە:

قوفڵ < قوڵف

سوعبەت < سوبعەت

تەسلیم < تەسمیل

لەعنەت < نەعلەت

مرور < منور

وەزع < وەعز

**ئه نجامه‌كان:**

١- یاسا فۆنۆلۆجییه‌كان ئه‌و دیارده‌و گۆڕانه ده‌نگییانه‌ن، كه له ئاسته‌كانی فه‌رهه‌نگسازی‌و وشه‌سازی‌و ڕسته‌سازیدا ڕووده‌ده‌ن، كه ئه‌مه‌ش له فه‌رهه‌نگی وشه‌كان له نێوان زاره‌كان یان شێوه‌زاره‌كانی زمانێكدا، هه‌روه‌ها له ئه‌نجامی لێكدانی مۆرفیمه سه‌ربه‌خۆو وشه‌داڕێژه‌كان له ئاستی وشه‌سازی به مه‌به‌ستی داڕشتن‌و لێكدان، یان ڕیزكردن‌و خستنه‌ته‌كیه‌كی مۆرفیمه سه‌ربه‌خۆو وشه‌گۆڕه‌كان له ئاستی ڕسته‌سازیدا دروستده‌بن.

٢- له‌م شێوه‌زاره‌دا دو ده‌نگ به ته‌واوی وه‌ك یه‌كیان لێدێت به ئاراسته‌ی ڕاسته‌وخۆو پێچه‌وانه، به‌مه‌ش ده‌بێته لێكچونی ته‌واو، به‌لاّم له لێكچونی ناته‌واودا سیفه‌تێك له ده‌نگه‌كه ده‌گۆڕێت، كه ئه‌مه‌ش زیاتر له ڕوی كپی‌و گڕی‌و قه‌ڵه‌وی‌و سازگه‌وه به‌رچاوده‌كه‌ون.

٣- كاتێك هه‌ندێ ده‌نگ ده‌كه‌ونه پاڵ یه‌كتر، له‌به‌ر قورسی‌و پێكه‌وه نه‌هاتنی ده‌نگه‌كان، ده‌نگێك یان بڕگه‌یه‌ك تێده‌چێت، به خستنه‌ڕوی نمونه‌كان له‌م شێوه‌زاره‌دا، ئه‌وه ده‌رده‌كه‌وێت، كه فۆنیمه كۆنسونانته‌كانی /د/، /ت/، /ب/، /ه/، /ك/، /گ/، /ئـ/، /ر/و فۆنیمه ڤاوڵه‌كانی /ه/، /ێ/، /ی/، /و/، هه‌روه‌ها بڕگه‌ی /ئه/ تێده‌چن.

٤- هه‌ندێك جاریش له‌م شێوه‌زاره‌دا كه ده‌نگه‌كان ده‌كه‌ونه پاڵ یه‌كتر، ده‌نگێكی نوێ له نێوانیاندا په‌یداده‌بێت، وه‌ك فۆنیمه نیمچه‌ڤاوڵه‌كانی /و ـ w/، /ی ـ y/و فۆنیمه كۆنسونانته‌كانی /ر/، /ز/، /ن/.

٥- له ئه‌نجامی به‌راوردكردنی وشه فه‌رهه‌نگییه‌كاندا، ده‌نگی وشه‌یه‌ك له ئاخاوتنی هه‌ندێ كه‌س له زارێكدا یان له نێوان دو زاری جیاوازدا به ده‌نگێكی تر ده‌گۆڕێت، ئه‌م دیارده‌یه‌ش به شێوه‌یه‌كی یه‌كجار به‌ربلاّو له فۆنیمه ڤاوڵ‌و كۆنسونانته‌كانی شێوه‌زاره‌كه‌دا به‌رچاوده‌كه‌ون.

٦- هه‌ندێك جار دو ده‌نگ ده‌چنه سه‌ر یه‌ك، به‌مه‌ش ده‌نگێكی جیاواز دێته‌كایه‌وه، وه‌ك:

ا- /ی/ + /ه/ ده‌بێته /ێ/.

ب- /و/ + /ه/ ده‌بێته /ۆ/.

٧- به‌هۆی بونی زارو شێوه‌زاری جیاوازه‌وه، یان به‌هۆی به‌كارهێنانی زاراوه بیانییه خوازراوه‌كانه‌وه، دو ده‌نگ یان دو بڕگه جێگانیان ده‌گۆڕنه‌وه، به‌بێ ئه‌وه‌ی ببێته هۆی گۆڕینی واتای وشه‌كان.

## پەراوێزو سەرچاوەکان:


١. د. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسووڵ، مێژووی شێوەزاری گەرمیان (لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانیی مێژووییە)، گۆڤاری زانکۆی دهۆک، بەربەند (٥)، ژمارە (١)، ٢٠٠٢. ل (٢١).

٢. د. محەمەد مەعروف فتاح، زمانەوانی، هەولێر، ١٩٩٠. ل (١١٥).

٣. بريجيته بارتشت، مناهج علم اللغة، ترجمة وتعليق: أ.د. سعيد حسن بحيرى، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠١٠. ص (١٦٠-١٦١).

٤. د. حاتم صالح الضامن، علم اللغة، بغداد، ١٩٨٩. ص (٦١).

٥. د. أحمد مختار عمر، دراسة الصوت اللغوي، القاهرة، ١٩٩٧. ص (٧٠).

6. Jean Aitchison, Linguistics, Fifth edition, Londan - UK (1999). P (151).
7. Ayatollah Razmjoo, Fundamental concepts in Linguistics, Tahran – Iran, (2004). P (55).

٨. د. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسووڵ، مێژووی شێوەزاری گەرمیان (لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانیی مێژووییە)، گۆڤاری زانکۆی دهۆک، بەربەند (٥)، ژمارە (١)، ٢٠٠٢. ل (١٢).

٩. د. جمال رشيد احمد، لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، بەغدا، ١٩٩٨. ل (٩).

١٠. د. حلمي خليل، مقدمة لدراسة اللغة، الطبعة الاولى، دبي، ١٩٨٩. ص(٢٢٤).

١١. د. بەکر عمر عەلی، فۆنیمی (و)ی درێژ لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی - بەشی B، ژمارە (١٥)، ٢٠٠٥. ل (٧).

١٢. د. وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، هەولێر، ٢٠٠٤. ل (٥٣).

13. Crystal, D., An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages, Black Well: Oxford (1992). P (30).

١٤. د. عبدالرحمن بن ابراهيم الفوزان، دروس في النظام الصوتي للغة العربية، ١٤٢٨هـ. ص (٦٢).

15. Peter Roach, English phonetics and phonology, United Kingdom, Cambridge (2009). P (7).

١٦. د. أحمد مختار عمر، دراسة الصوت اللغوي، القاهرة، ١٩٩٧. ص (٣٧٩).

17. Peter Roach, English phonetics and phonology, United Kingdom, Cambridge (2009). P (7).

١٨. د. أحمد مختار عمر، دراسة الصوت اللغوي، القاهرة، ١٩٩٧. ص (٣٧٩).

١٩. لەم دروستانەدا دو فۆنیمی /ت/ بە سەر یەکەوە هاتون، بۆیە لەبەر ئاسانی دەربڕینیان، یەکێکیان گۆناکرێتو دەرنابڕدرێت.

٢٠. طالب حسێن علی، فۆنۆلۆجی کوردیو دیاردەی ئاسانبوونی فۆنیمەکانی لە زاری سلێمانی، نامەی ماستەر، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٩. ل (٥٠).

٢١. د. محمد علي الخولي، الاصوات اللغوية، الرياض - سعوديه، ١٩٨٧. ص (٢٢٠).

٢٢. نفس المصدر، ص (٢٢٠).

٢٣. شنۆ قادر محمد، یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردی - شێوەزاری کەرکوک، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە - زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٨. ل (٢٤).

٢٤. طالب حسێن علی، فۆنۆلۆجی کوردیو دیاردەی ئاسانبوونی فۆنیمەکانی لە زاری سلێمانی، نامەی ماستەر، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٩. ل (٥٣).

٢٥. سەرچاوەی پێشو، ل (٥٦).

٢٦. شنۆ قادر محمد، یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردی ـ شێوەزاری کەرکوك، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە ـ زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٨. ل (٢٦).

27.Crystal, D., A dictionary of Linguistics and phonetics, 3rd edition, Black Well: Oxford (1991). P (١٦٦).

28. http://quizlet.com/1373869/phonological-rules-flash-cards/.

29.Jack C.Richards and Richard Schmidt, Longman dictionary of Language and applied Linguistics, forth edition, (2010). P (199).

٣٠. د. تالیب حوسێن عەلی، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، هەولێر، ٢٠٠٥. ل (٥١).

٣١. د. وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، هەولێر، ٢٠٠٤. ل (٢٨٩).

32.Crystal, D., A dictionary of Linguistics and phonetics, 3rd edition, Black Well: Oxford (1991). P (171).

٣٣.بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: [ مەسعود محەمەد، چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووسو ئەلفوبێی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد، بەرگی (٩)، بەغدا، ١٩٨٢. ل (٣٤٣)].

٣٤. د. محەمەد مەعروف فتاح، زمانەوانی، هەولێر، ١٩٩٠. ل (١١٨).

35.Martin Haspelmanth, Morphology, London, (2002). P (184).

٣٦. د. محەمەد مەعروف فتاح، زمانەوانی، هەولێر، ١٩٩٠. ل (١١٧).

٣٧. د. علي عبدالواحد وافي، علم اللغة، مصر، ٢٠٠٤. ص (٣٠٨).

٣٨. د. محەمەد مەعروف فتاح، زمانەوانی، هەولێر، ١٩٩٠. ل (١١٧-١١٨).

٣٩. د. أحمد مختار عمر، دراسة الصوت اللغوي، القاهرة، ١٩٩٧. ص (٣٧٩).

## الخلاصة

هذه البحث موسومة بـ (القوانين الصوتية/الفونولوجية في لهجة كرميان) اتبع الباحث فيه المنهج الوصفي التحليلي، وهذا أملى عليه أن يسلك طريقاً علمياً وموضوعياً في أستحضار الأدوات والأمثلة لهذهِ اللهجة في المستويات المعجمية والصرفية والنحوية، وأن يصف ويحلل كل ذلك، ليصل به إلى إظهار المتغيرات الحاصلة في الظواهر الصوتية، وصياغة ذلك وبلورته على وفق القوانين الصوتية وصورها، مثل: المماثلة، والاقحام، والإسقاط، والقلب الصوتي والمكاني للصوت.

وفي نهاية البحث إزدان البحث بأهم ما تم التوصل إليه من نتائج مع قائمة بمصادر البحث ومراجعه.

## Abstract

The paper entitled "*Phonological Rules in Garmian dialect*". It follows the descriptive – analytical method, i.e. there is an objective and scientific attempt in this respect to analyse the examples at the levels of dictionary, morphology and syntax. It also tries to put the phonological phenomeca forward in Phonological contexts like the rules of similarity, invention, exchanging sounds, analogy and moving the places of sounds.

At the end, the most important findings that are reached at are on display with the list of references.